کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-11-2007 1:55

**خۆش مامۆستای ڕاگەیاندن!!! ... خوێندکارێکی بەشی ڕاگەیاندن:**

مرۆڤ لە ئاست گەورەیی و پیرۆزی مامۆستا هیچی پێناوترێت، بەڵام کاتێك مامۆستایەکی نارۆشنبیرو ئاستنزم دەبینرێت بەو شێوەیە دێتە گۆو وەك ڕۆژنامەنوس و ڕاگەیاندنکارێك بابەتێکی لەو جۆرە دەنوسێت، ناچاریت بێیتە وەڵام. دیارە قسەکردنی منیش لێرەدا لەسەر ئەو بابەتە لاوازو پڕجنێوەیە کە یەکێك لە مامۆستاکانمان لەبەشی ڕاگەیاندن لە کوردستان پۆستدا بڵاوی کردۆتەوە،



منیش وەك خوێندکارێکی بەشی ڕاگەیاندن دەمەوێت چەند وشەیەك ئاراستەی ئەو مامۆستایەمان بکەم و بەپرسیارێك دەستپێبکەم، جەنابی مامۆستا ئایا بەشی ڕاگەیاندن تەنها ئەو کەم و کوڕیەی تێدایە؟ بێگومان نەخێر بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی یەکێکە لەهەرە بەشە لاوازو ئاست نزم و فاشلەکانی زانکۆی سلێمانی و ئاستی خوێندن تێیدا زۆر نزمەو هیچ جۆرە هۆکارێکی تێدا نیە بۆ فێربون. بەحساب بەشی ڕۆژنامە و تیڤی هەیە، بەڵام بەشی ڕۆژنامەکەی چوار کۆمپیوتەری باشی نیەوهەر حەوت بەشەکەی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان لەسەر هەمان کۆمپیوتەر وانە دەخوێنن، بەشی تیڤی جگە لەچەند کامێرە شکاوێك هیچی تری نیە و ستۆدیۆ کەشیان هیچ جۆرە تایبەتمەندیەکی سادەترین ستۆدیۆی ستانداردی تێدا نیە. بەشی ڕاگەیاندن و مامۆستاکانی زۆر دەگمەن توانیویانە کادری ڕاگەیاندن پێبگەیەنن جگە لەوخوێندکارانە نەبێت کەپێشتر خۆیان لەڕاگەیاندن کاریان کردووە، هەرکەسێکیش گومانی لەم قسانە هەیە دەتوانێت پرۆگرامی خوێندن وانەکانەکانی ساڵانی ڕابردوو لە خوێندکاران وەربگرێت و سەردانێکی بەشەکە بکات و ستۆدیۆکە ببینێت. سەبارەت بەمامۆستایانیش ئەوا نوسەری ئەو بابەتەی باسی لێوە دەکەین نمونەیەکیانەو شێخ سەلامیش نمونەیەکی ترە کە مامۆستای ڕیکلامەو شارەزایی بەس لە ڕیکلامەدا نیە، لای هەموانیش ڕون وئاشکرایە کە زۆربەی مامۆستاکان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیەو تەنها دکتۆرایەکی پسپۆڕی ڕاگەیاندن لەو بەشە وجودی نیە، بەڵام ئەمەش مانای وانیە کە هیچ مامۆستایەکی تێدا نیە بەڵام لەوانەیە یەك دوانێك بن.

ئێنجا کاتی ئەوە هاتووە کە چەند وانەیەکی سەرەتایی ڕۆژنامەوانیی بەمامۆستای نوسەری ئەو بابەتە بڵێمەوە، سەرەتاش لە ناونیشانی بابەتەکەوە دەست پێدەکەم. ناونیشانەکە ڕۆژنامەوانی نیەو پەیوەندی بەناوەڕۆکی بابەتەکەوە نیە وبەهیچ شێوەیەکیش سەرنجڕاکێش نیە، دەکرا ئەو مامۆستا بەڕێزە بێ بەکارهێنانی جنێوو بێڕێزی پەیامەکەی بگەیاندایە، پاشان زانیاریەکانی ناو بابەتەکەی وەك زانیاریەکانی زۆربەی مامۆستاکانە لەکاتی وانە وتنەوەداو چۆن بێئاگاو نەشارەزان لەڕاگەیاندا بەهەمان شێوەن لە نوسین وکاری ڕۆژنامەوانیدا و ئەم نوسینەش زیندو ترین نمونەیە، دوای ناونیشانی بابەتەکە هەڵەی گەورە لە ناوی کەسەکان و بڕوانامەکانیشیاندا هەیە، واتە ئەو سەرچاوەیەی مامۆستا پشتی پێبەستووە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێنەکراوەو ناڕاستە گەر سەرچاوەکەش مامۆستا خۆی بێت ئەوە کارەساتە، بێگومان من وەك مامۆستاکەم نیم و بەڵگەم لەسەر قسەکانم پێیە، مامۆستاکەمان دەڵێت چەند کەسێك وەرگیراون کە خۆیان مەبەستیانە و کادری ڕاگەیاندنی یەکێتی و پیاوی هێرۆ خانن، بەڵام ڕاستیەکان بەم شێوەیە:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

-1 ئازاد جوندیانی، بڕوانامەی ئامادەیی هەیەو وەك هەموو بەشداربوەکانی تری پرۆسەی ئازادی خوازی کورد، لەکاتی خویدا نەیتوانیوە خوێندن تەواوبکات ولەم چەند ساڵەی دوایدا تاقیکردنەوەی دەرەکی ئەنجامداوەو نەك پیاوی هێرۆخان نیە بگرە زۆر ناتەباشن.

-2 ماردین عەبدولکەریم، دەرچوی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی بەشی ڕۆژنامەنوسییە و بەڕێوبەری نوسینی هەردوو گۆڤاری خاك و ڕۆژنامەی سلێمانی نوێیە، واتە تەنها لەم خاڵەدا مامۆستا دوو هەڵەی کردووەو زانیاریەکانی ناراستن، چونکە دەڵێت دەرچوی ئامادەیی بازرگانییە و بێژەرە، پێویستە پێش هەر بەدوادا چون ولێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنوسی لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە زانیاری کۆبکرێتەوەو پشت بەسەرچاوەی ڕاست ودروست ببەسترێت و بەر لەبڵاوکردنەوەش جارێکی تر لێیان دڵنیا بیتەوە.

-3 نەورۆز عەباس، نازانم ئەم ناوەت لەکوێوە هێناوە، چونکە کەسی سێهەم ئەنوەر حسین، دەرچوی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانییەو سەر نوسەری ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادییە کە ئۆرگانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانە، دیسان دوو هەڵەت کردووە، چونکە بڕوانامەی بەرزتری لەئامادەیی هەیە و یەکیتیش نییە.

-4 ئەسعەد جەباری، مامۆستا ئەوەندە بێ زانیاریە نەیتوانیوە ئەم ناوەی دەستبکەوێت، یاخود تاقەتی نەبوە بەدوایاندا بگەڕێت، بەهەمان شێوە مامۆستاکانی بەشی ڕاگەیاندن زانیاری گشتی و ڕاگەیاندنیان کەمەو بەشوێنیشیدا ناگەڕێن و خۆیان ماندوناکەن وبڕوانامەکانیشیان نزمە، بۆ زیاتر زانیاریش ئەسعەد جەباری بەڕێوبەری پێشوی تەلەفزیۆنی سۆسیالیت بوەو ئەمیش یەکێتی نیە.

بەر لە کۆتایی دەمەوێت بڵێم ئاشکرا کردن و بڵاوکردنەوەو باسکردنی ئەم ناوانە هێشتا لە لێکۆڵینەوەدایە و بڕیاری کۆتایی لەلایەن وەزارەتی خوێندی باڵاوە لێنەدراوە، بەڵام ئەم مامۆستایە کە حەیفە پێی بوترێت مامۆستا ئامانج و مەبەستی تری هەیە، ئاشکراشە سەربەکێیەو چیە و ترسی هەرەگەورە و رقی مامۆستایانیش بەرامبەر ئەم خوێندکارانەو ئەو خوێندکارانەی تر ئەوەیە لەکاتی وانە وتنەوەدا لەبەردەم ئەو خوێندکارانەی لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دێن بەچۆکدادێن، باشترین نمونەش کێشەکی ئەو ساڵە بەهاتی حەسیب قەرەداغییە کاتێك زانیاری بۆ مامۆستا ڕاستکردەوە دەربارەی ڕۆژنامەی زەرد، بووە هۆی ئەوەی ساڵێکی خوێندەکەی لە کیس بچێت، بەهەمان شێوە یەکێك لە مامۆستاکان لەتاو کەمی زانیاری و بێ پرۆگرامی زۆربەی وانەکانی پراکتیکی تیڤی بە فەرمانبەرێکی بەشی ڕاگەیاندن دەڵێتەوە، فەرمانبەرەکەش بڕوانامەی شەشی سەرەتایی هەیە، لەمەش کارەساتتر مامۆستای کۆمپیوتەر و مۆنتاژ بەدرێژایی چەند ساڵێك لەمەوبەر بەپاڵپشتی دوخوێندکار کە تەلەفزیۆنەکان مۆنتێر بوون وانەی مۆنتاژی دەوتەوە،

دواجار دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە خوێنەران دەتوانن زۆر بەئاسانی بزانن کام لەم زانیاریانە ڕاستە و منیش دوبارەی دەکەمەوە هەرکەس بەگومانە لەوانەی دەربارەی بەشی ڕاگەیاندن باسم لێوەکردن، دەتوانێت سەردانی زانکۆ بکات و بەچاوی خۆی شتەکان ببینێت و بشزانێت بڕوانامەی مامۆستا وانەبێژەکان چییە، مامۆستاش لە جیاتی شەڕە جنێوو هەڵشاخان بە پارتی ویەکێتی و ئەو کەسانەی کە پسپۆڕو شارەزان لە ڕاگەیاندندا و دەیانەوێت بواریان پێبدرێت بخوێنن، باشتر وانەبو باسی لاوازی و گەندەڵیەکانی بەشی ڕاگەیاندنی بکردایە، دیارە مەبەستی تایبەتی و لایەنگیری هەیە لەنوسینەکەیدا و دیسان ئەمەش پێچەوانەی سەرەتایی ترین پرنسیپی کاری ڕۆژنامەوانیە جەنابی مامۆستای ڕاگەیاندن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.